# کۆبوونەوەیەک بۆ بە دواداچوونی کێشەی موفەکان

بۆ بە دواداچوونی کێشەی ئەو کوردانەی کە ئیقامەی کاتی یان هەیە لە نەرویج و بە "موف" ناسراون، ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج کۆبوونەوەیەکی لە ڕۆژی یەک شەممە بەرواری 22.04.2007 دا سازدا. لە کۆبوونەوەکەدا نزیک بە 90 کەس لەو پەنابەرانەو ئەوانەی کە بەم کێشەیە هەستیارن بەشداربوون. کۆبوونەوەکە بە مەبەستی ڕێکخراوکردن و دیاریکردنی هەنگاوو کارەکانی ئایندە ڕێکخرا. لەسەرەتادا عمری خەتات باسێکی لەسەر گرنگی ڕێکخراوبوون و لە پاڵ یەکداوەستانی هەموو ئەو کەسانە کرد کە ئەم کێشەیەیان هەیەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ئەم کەسانە خۆیان بێن و لەم کێشەیەی خۆیاندا بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی پەنابەران لە مەیداندابن.

دواتر کامل احمد، سکرتێری ڕێکخراو، باسی ئەو هەوڵانەی کرد کە ڕێکخراو لە چەند مانگی ڕابردوودا داویەتی هەم بە پەیوەندیگرتن لەگەل وەزارەت و هەم بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ پەرلەمان و لایەنە بەرپرسەکاندا. باسی ئەوەشی کرد کە هەموو ئەم هەوڵانە بەبێ هاتنەمەیدانی خودی پەنابەران ناتوانێت سودێکی ئەوتۆی هەبێت و جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە دەبێت پەنابەران بێن و لەگەل ڕێکخراوی خۆیاندا، ڕێکخراوی پەنابەران، بۆ مافەکانیان لە مەیداندابن و هەموو شێوازەکانی خەبات و ناڕەزایەتی دەربڕینی مۆدێرن و ئارامانە بگرنەبەرو هەمیشە فشار بۆ دەوڵەت بهێنن تا بۆ دوواجار ئەم کێشەیە وەڵام وەربگرێتەوە. لە بەشێکی تری قسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوەکرد کە ئەگەر دەوڵەت وەڵامیش بداتەوە حەتمەن بە قازانجی پەنابەران نابێت، بۆیە دەبێت ئامادەباش بن بۆ کارو خەباتی ئایندەو بە هیچ جۆرە بەندووبەستێکی ئەحزابەکانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتدا خۆڵ نەچێتە چاویان.

دواتر گوێ لە پێشنیارو قسەکانی ئامادەبووان گیراو لە لایەن سکرتێری ڕیکخراوەوە وەڵام بە بەشێکی زۆر لە ناڕۆشنی و پرسیارەکانی ئامادەبووان درایەوە وێڕای خستنەبەردەمی پێشنیاری خۆپیشاندانێکی تر یان مانگرتنێکی مۆدێرنی 3 ڕۆژەو دوور لە توندوتیژی لەبەردەمی وەزارەتدا.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکشدا ڕێکخراو لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی لەنزیکەوەی کێشەی موفەکان پێکهێنا. لیژنەکە بریتی یە لە: کامل احمد، عمری خەتات، شیروان ابراهیم، شوان عمر، جمال محمد، سیروان عبدول، بژار معروف، عبدالعزیز بامەڕنی و سارا قادر.

شایانی باسە لە دووای ئەم کۆبوونەوەیە دەوڵەت بڕیاری خۆیداوە کە بە قازانجی پەنەبەران نیەو بەشێکی زۆر لە کێشەکانیان لە جێگای خۆیدا دەمێنێتەوەو بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراو لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆچەوە لە ڕۆژی 25.04.2007 دا پەیوەندی پێوەکرا بۆ ئەوەی ڕۆژی 30.04.2007 لەگەڵ ئەوان کۆببینەوە بە مەبەستی ئەوەی ئەوان ڕۆشنایی بخەنەسەر بڕیارەکەی دەوڵەت و ئێمەش ڕاو پێشنیارەکانی خۆمانیان پێبدەین. ئێمە وەک پێشتریش بەم کارە هەستاوین چەندین پێشنیاری دروست بۆ ئەم کارە دەخەینە بەردەمیان بە تایبەتی کە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی دەوڵەتە. لە ڕاگەیاندنەکانی داهاتوودا لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ ئەوان ئاگادارتان دەکەینەوە.

## ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج
## 25.04.2007



